**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٣٠٤ لە ٢٠١٩/٣/٣**

## بڕیاری ژمارە (١٤٠)ی ساڵی ٢٠١٩

پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، و دوا بەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٣٧) لە ٢٠١٨/٤/١٧ تایبەت بە بەرکارکردنی یاسای(قانون التنمية الصناعية الاتحادية) ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ، و ئاماژە بە بڕگەی (سێیەم/١) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ژمارە(١٣) لە کۆبوونەوەی ئاسایی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٥ ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٥١) لە ٢٠١٩/١/٢٧ ، بڕیاردرا بە:

١- جەختکردنەوە لەسەر بڕگەی (١)ی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٧) لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٤٦) لە ٢٠١٨/٤/١٧ تایبەت بە پەسەندکردنی پێشنیاری وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت بۆ بەرکارکردنی (قانون التنمية الصناعية الاتحادية) ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان لە بری یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١ کە ئێستا لە هەرێم بەرکارە و بەیاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەڵوەشاوەتەوە.

٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ جێبەجێکردنی ڕێکاری قانونی پێویست بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرجەم ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ دەیانگرێتەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەو یاسایە لە ماوەیەکی گونجاودا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکانی فیدرالی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بۆ داڕشتنی میکانزمی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و بڕگەی(سێیەم/١) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ژمارە(١٣)لە کۆبوونەوەی ئاسایی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٥

٣- سەبارەت بەبڕگەی (دووەم)ی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(١٣٧) لە ٢٠١٨/٤/١٧ دوابخرێت بۆ دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**